

# گوارەی نەخش و شێوە پەپوولە




پەپوولە ئەو باڵندە خۆشەویستەیە کە بە باڵە ڕەنگین و فڕینە پەل و پۆلەکەی، دەچێتە دڵی هەموانەوە، هەر کاتێك پەپوولەیەك دەبینیت، دەبیتە جێگەی سەرنجت و لە دوورەوە بانگی دەکەی و جارجارەش دوای دەکەوی. ئەی ئەگەر شێوە و نەخشە جوانەکانی پەپوولە بخرێتە سەر ئێکسسوار، ئاخۆ چ مۆدێکی نایابی لێی دەردەچێ؟ ئەوە بیرۆکەی مارکەی (ڤان کلێف و ئەرپلز- van clef and arpels)ـە کە لە تازەترین مۆدەکانیان، توانیویانە سوود لە شێوی پەپوولە وەربگرن. مۆدی ئێکسسوارەکەش بریتییە لە گوارەی گوێچکە بە ناوی دوو پەپوولە - Two Butterfly، مانای ئەو مۆدەش لە دیمەنی جوانەکانی وەرزی بەهار وەرگیراوە و لە دوور و نزیکەوە دەکەوێتە بەرچاو، خانمانیش ئەگەر گوارەیەکی شێوەی پەپوولەیان لە گوێ بێت، جگە لەوەی ناسکی و جوانییان پێدەبەخشێت، هەروەها جێی سەرنجی هەموانیش دەبێت.

# ئاشنای مۆد و شێوازەکانی جینز بن



زۆربەی خانمان حەز بە پۆشینی مۆدەکانی جینز دەکەن. جینز، یان ئەوەی بە (کاوبۆی) ناسراوە، مۆدەی جۆراوجۆری هەیە، بێگومان دۆلابەکانی هەر خانمێکیش بکەیتەوە، چەندین پارچە جینزی لێ دەدۆزیتەوە، بەڵام چاکترە ئاشنای مۆد و شێوازەکانی جینز بن و بزانن لە چ کاتێك لەبەر دەکرێن.

- جینزی سەرەکی (کلاسیك)- classic jeans، ئەو جۆرەیە کە شێوەی ڕاست و بە بێ خوار و خێچییە، لەسەرەوە تا خوارەوە هەمان شێوەیە، دەتوانی بۆ کاتی گەشت و سەفەر لەبەری بکەیت.
- جینزی پەموو دێنیم – Denim)، شێوازێکی دیکەی جینزە و شێوەی ڕاستە و لەسەر جەستە دەنیشێت، بۆ کاتی دەوام و زانکۆ دەپۆشرێت.
- جینزی قاچ کراوە - Bootcut، ئەو مۆدەیە کە بە شارڵس دەناسرێت، بەشی خوارەوەی کراوەیە و لە سەر پێیەکانەوە گەورە دەبێت، بۆ دەرچوونی بازاڕکردن و سەردان لەبەر دەکرێت.
- جینزی باریکی شێوە چەقۆ – Skinny، ئەو شێوازەیە کە لەسەرەوە فراوانە و لە خوارەوە باریك دەبێتەوە تا دەگاتە سەر قاچ، بۆ کاتی دەوامی فەرمی و زانکۆ گونجاوە.



# نهێنی جوانیی چاویلکەکان بدۆزەوە

خانمە پسپۆڕی جوانکاری و چاویلکەی ئەڵمانی (زیبیلە مۆنیش)، پێیوایە، چاویلکە چی لە جوانی ماکیاژ کەمتر نییە، ئەگەر شێوەیەکی جوان و ئەندازەی هەبێت، چونکە دەبێتە رووکەشێك بۆ رووخسارت، لە دوور و نزیکدا رووخسارت گەورەتر و گەشاوەتر نیشان دەدات. ئەو پسپۆڕە چەند نهێنییەکی سەرنجراکێشی چاویلکە بۆ خانمان دەخاتەڕوو تا چاویلکەیەکی جوانتان لە چاو بێت و بە هاوەڵ و کەسانی دیکە نەڵێن ئەو چاویلکە جوانەت لە کوێ دەست کەوتووە؟ پێویستە لەسەر شێوەی رووخسارت، چاویلکەکانت هەڵبژێریت، بە گشتی (٣) جۆرە شێوەی رووخسار هەن کە ئەوانەن: ئەوانەی رووخساریان خڕە، یان بازنەییە، دەبێ چاویلکەی شێوەی باریك لە چاو بکەن، تا یەکسانی لە شێوەی رووخساریان دروست بکات، ئەوانەشی رووخساریان شێوەی چوارگۆشە نیشان دەدات، وا چاکە چاویلکەی بازنەیی، یان کەوانە هەڵبژێرن، ئەوانەشی شێوەی رووخساریان هێلکەییە، ئەوان سەربەستن و دەتوانن هەر جۆرە چاویلکەیەك هەڵبژێرن.





## گوڵی دڵ زامدار

جیاوازی نێوان شێوەی مرۆڤ و ڕووەك ئەوەندی زەریایەك دوورە لە یەكتر، بەڵام جار جارەش حاڵەت و دیاردەی وا دەردەكەون، كە ڕووك و دار و بار دێنەوە سەر شێوە، یان ئەندامێكی جەستەی مرۆڤ، ئەوەتا سەیرترین ڕووەكی گوڵ دۆزراوەتەوە، كە شێوەی وەك دڵی مرۆڤ وایە، جگە لەوەی شێوەی دڵی هەیە، هەروەها بە لق و پۆڵەكەیەوە، گوزارشت لە دڵێكی زامدار، یان خوێن بەربوو دەكات. ئەو جۆرە گوڵە لە ڕۆژهەڵاتی كیشوەری ئاسیا لە نێوان (وڵاتی سیبیریا و تا دەگاتە ژاپۆن) دەڕوێت، ناوی زانستی ئەو گوڵە (Lamprocapnos spectabilis)یە و هەروەها بە ناوی دڵی زامداریش ناسراوە، یەكێكە لە ڕووەكەكانی جوانی و بۆ زینە بەكاردەهێندرێت، كەسیش زانیاری لەسەر هۆكاری لێكچوونی ئەو گوڵە نییە، ئاخۆ بۆ لە شێوەی دڵی مرۆڤ دەچێ، نرخی ئەو گوڵە دەگاتە (٢٠) دۆلار، تەنیا لەو ناوچانە نەبێت، لە شوێنی دیكە ناڕوێت، ژاپۆنییەكانیش دەڵێن: ئەو دڵە زامدارانە ڕۆحی قوربانییانی هیرۆشیما و ناكازاكییە!



## هیتلەر چۆک دادەدات

# بچووکترین نمایشکاری جیهان

ماوەیەك لەمەوبەر هەواڵی ئەو کچە ڕووسییە بچووکەمان بڵاوکردەوە کە جوانترین کیژۆڵەیە و ڕەنگە لە داهاتووشدا ببێتە شاجوانی جیهان، کە تەنیا تەمەنی (٥) ساڵ بوو، ئەمجارەیان کچێکی دیکەی دەیەوێ کێبڕکێ ئەو شاجوانە بچکۆڵانە بکات، کە ناوی (مایا)یە و تەمەنی تەنیا (١١) مانگە، ئێستاش وەك نمایشکارێکی جلوبەرگ، ماوە ماوە وێنەی جوان و سەیر بە جلی جۆراوجۆر لە ئەکاونتەکەی بڵاودەکرێتەوە، ئەوەش بیرۆکەی دایکی ئەو منداڵەیە کە ناوی (ئێمی ماکلندێر)ە، لە وڵاتی ئوسکوتلەندا دەژی، لە ئێستاوە نیازی وایە کچەکەی ببێتە نمایشکار، چونکە خەونی لەمێژینەی خۆی بوو کە کاری نمایشکاری بکات، بەڵام ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسا، هەر بۆیە دەیەوێ بیرۆکەکەی لە دڵ و هەستی کچەکەیدا بچەسپێنێت و لە دوارۆژدا کچەکەی لەسەر شانۆی نمایشکاران ببینێت، مانگانەش نزیکەی (١٠٠٠) یۆرۆ لە جلی کچەکەی خەرج دەکات.



لە سەردەمی هیتلەردا، کەس نەبوو بەرامبەر ئەو کەسایەتییە ستەمکارە بوەستێ و ئەژنۆی بۆ دانەنێت، ئەو توانی نیوەی کیشوەری ئەورووپا داگیر بکات و بە نیازیش بوو هەموو کیشوەرەکە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵام دواجار شکستی پێهێنرا، ستەمی لە زۆر خەڵك کرد، تا ئێستاش لە ئەڵمانیا وەك ڕەمزی ستەم و زوڵم دەناسرێت، تەنانەت هەندێك لەو کەسانەی ماون لە ژیاندا، ڕق و کینەیان بەرامبەر هیتلەر هێشتا لە دڵدا ماوە، ناشزانن چۆن تۆڵەی بکەنەوە، هەر بۆیە هونەرمەندێکی ئیتاڵی بە ناوی (مۆریسیۆ کاتیلانا)، پەیکەرێکی هیتلەری دروست کردووە، کە جەستەی منداڵە و لەسەر ئەژنۆیە، سەریشی شێوەی هیتلەرە، وەك هێمایەك بچووککردنەوەیە بۆ ئەو داگیرکەرە، ئەوەی جێگەی سەیرە زۆربەی خەڵك کاتێك سەردانی ماڵی (کریستیز)ی گەلەری وێنە دەکەن، لەگەڵ پەیکەری هیتلەر وێنە دەگرن تا دڵیان بحەسێتەوە، تا ئێستا لە فرۆشتنی ئاشکرادا، (١٥) ملیۆن دۆلاریان بەو پەیکەرە داوە.



## پەند و وتە

**- تۆماس ئەدیسۆن بۆ ژیری و زیرەکی دەڵێ :**

ژیری و دانایی بریتییە لە (٪۱) پلان و بیرکردنەوە و (٪۹۹) هەوڵ و کۆشش، بۆیە با کۆششەکە زیاتر بێت لە بیرکردنەوە، چونکە بیرکردنەوەی زۆر بە هیچ ئەنجامێکت ناگەیەنێت.

## کاریکاتێر

- ئەم کاریکاتێرە باس لە ڕێگەی دروستی پلان دەکات، ئەوانەی پلانیان بێ بیرکردنەوە بێت، هەرگیز ئەنجامی نابێت.



## بۆ زانیاریت



**- دوگمەکانی جینز**

زۆربەمان پانتۆڵی جینزمان لەبەر کردووە، ئەوەی لە نێو خەڵکیدا بە ناوی (کاوبۆی) ناسراوە، ڕەنگە تێبینی ئەو کۆمەڵە دووگمە ئاسنینە کەپسانەمان کردبێ کە لەسەر لێواری گیرفان و بەشی پێشەوە دەبێنرێن. ئاخۆ دەبێ هۆکاری هەبوونی ئەو دووگمانە چی بێت و بۆ چ مەبەستێك بێت؟ جلی جینز مێژووی بۆ سەدەها ساڵ دەگەڕێتەوە، لە پێشوودا زیاتر پیاوانی گاوان و شوان ئەو جلەیان دەپۆشی، دواتریش لەلایەن کرێکارانەوە بە جلێکی تۆکمە دانرا و ئەوانیش لە کاتی کارکردن لەبەریان دەکرد، تەنیا گرفتی دڕانی گیرفان و بەشەکانی دەرەوەیان هەبوو، هەر بۆیە لە ساڵی (١٨٢٩)، ئەو دووگمە ئاسنینە کە لە ماددەی (مس) دروست کراوە، لەلایەن بەرگدوورێك بەناوی (لیڤی یۆنگ)، داهێنرا و پاشان داوای لە ئاسنگەر کرد کە دووگمەی بەهێز دروست بکات و گیرفان و بەشەکانی دەرەوەی پانتۆڵەکە توند و تۆڵ بکات.

## سەری کوندەبوو وەک ڕادارە

دەگوترێت کوندەبوو جگە لەوەی چاوی بەهێزە کە شەوانە دەتوانێت هەموو دیمەنێك ببینێت، هەروەها سیفەتێکی دیکەی سەیرتری هەیە، کە ئەویش سووڕاندنی سەر و ملیەتی بە پلەی (٣٦٠) پلە، ئەگەرچی هەندێك لە خەڵك بڕوایان بەو کارە نەدەکرد، بەڵام وێنەگرێکی بەریتانییە وێنەی کوندەبوویەکی گرتووە لەو کاتەی خەریکی سووڕاندنی سەریەتی، وێنەکیان لە یەك کات و شوێندا گیراوە، کە کوندەبوویەکە و سەری بە پلەی (٢٧٠) دەسووڕێنێت، وادیارە لەوە زیاتر ناتوانێت سەری بچەمێنێتەوە، ئەو وێنەگرە ناوی (ئاڵن باڵتازارد)ـە و ئەو کووندەبووە لە دارستانەکانی وڵاتی ئوسترالیادا بووە کە وێنەی گرتووە، ئەو وێنانەش بە ڕێککەوت بووە و بەبێ ئەوەی پلانی بۆ دابنرێت، کە ئاستەمە دووبارە بێتەوە.





### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەوڵی جددیت داوە تا بە ئەنجامی پرۆژەکەت بگەیت، بەڵام کەسانی دیکە دژایەتیت دەکەن و تۆش نابێت چی دیکە خۆت هەڵخەڵەتێنیت. داهاتووت بەرەو باشی دەچێت، ئامۆژگاری دۆستێکت وەربگرە. هەمیشە لە کارەکانت دوا مەکەوە و یارمەتی کەسانی نزیکیشت بدە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بڕیاری خێرا بە هیچ ئەنجامێکت ناگەیەنێت و زۆرجاریش دووچاری کێشەت دەکاتەوە. هەمیشە کار لە سەر بەرژەوەندییەکانت بکە. دەرفەتی ژیانێکی سۆزداری ڕاستەقینەت بۆ دێتە پێش و لەدەست خۆتی مەدە، بەڵام ئاگاداری باری هەست و دروونیشت بە.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

سستبوونی هەنگاوەکانت بەرەو داهاتوو جێگەی رووخاندنی ئاواەکانتە، هەوڵبدە جیاوازی نێوان رابردوو و داهاتوو بکەیت. ڕێگەی ئێستات بەرەو باشی دەچێت و کەسێکی شیاوی تا لە کارەکانتدا بەرەو پێگەیەکی باشتر بچیت. هەوڵبدە لە دوای کارەساتەکان خۆڕاگر بیت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

پێویست ناکات خۆت لە کاری دیکە هەڵبقوڵتێنیت تەنیا بۆ ئەوەی پێگەی خۆت بدۆزیتەوە. گوێ لە کەسانی دیکەش بگرە، بەڵام مەرج نییە جێبەجییان بکەیت، ئەوانەی بۆت باشن کاریان لەسەر بکە و ئەوانی دیکەش فەرامۆش بکە، چاوکراوە بە، چونکە کەسێك دژایەتیت دەکات.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کەسێکی زیرەکی و بیرۆکەکانت جوانن، بەڵام ئاگاداری ئەو کەسانە بە کە ماوەیەکە دەیانەوێ پرۆژەکانت تێکبدەن. پێویستت بە بەرنامەداڕێژییەکی نوێ بۆ ژیانت هەیە، بەڵام بە ڕێکوپێکی بەکاری بهێنە، هۆشء بیرت بخەرە گەڕ، داهاتووت بەرەو باشی دەچێت، واز لە دوودڵی و بێ متمانەیی بهێنە.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

نابێ وا بیر بکەیتەوە کە داهاتووت لە بەرژەوەندیی تۆدا نییە و تەنیا بیر لە رابردوو بکەیتەوە. لەبواری سۆزداری و کاردا دەرفەتی سەرکەوتننت زۆرە. لەگەڵ کەسێکدا گونجاون و مەهێڵە کەسانی دیکە نێوانتان تێك بدەن. یارمەتی بدە و کاری بۆ بکە بۆ ئەوەی باشتر لە یەکتر تێبگەن.



# یاری وێنە

- هەوڵبدە بزانە ئەو کچە یاریزانانە، چ یارییەك دەکەن و چەند یاریزانت بەرچاو دەکەوێ، لە ماوەی (١) خولەکدا بیانژمێرە.


# وێنەی فوتۆگراف لە نێو تابلۆدا






خاوەن بەهرە و بیرۆکەی جوان، هەمیشە لە دوای کاری ناوازە و تایبەتدا دەگەڕێن، دواتر شاکارێکی نایابی لێ بەرهەم دەهێنن، وەك ئەو کچە فوتۆگرافەرە ئەمریکییە، بە بیرۆکەیەکی سادە، جوانترین بەرهەمی وێنەکێشان و تابلۆی داهێناوە، بیرۆکەکەشی بریتییە لە تێکەڵکردنی تابلۆی وێنەکێشە بەناوبانگەکانی جیهان و وێنەی فوتۆگرافەری سەردەم، ئەو کچە ناوی (لیندسی والْدن)ـە، لە سەرەتای بیرۆکەکەیدا وێنەی چەندین منداڵی لە نێو تابلۆ بەناوبانگەکانی جیهان تێکەڵ کردووە، سوودیشی لە تابلۆکانی: ڤینسێنت ڤان دۆخ، کلۆد مونیت، ئێدوارد مونیخ، وەرگرتووە تا ببنە دیمەنی سرووشتی وێنەکانی، جێگای ئاماژەیە جگە لەوەی نرخی ئەو تابلۆ بەناوبانگانە هێندە گران و بە نرخن، لە دوای ئەو کارەوە نرخەکەی بەرزتر بوونەتەوە و لیندسی داوای ئەو بڕە قازانجە دەکات کە بۆ سەر تابلۆکان زیاد کراون.

## جیاوازی وێنە



- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە !





**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئەرکەکانت قورسن و پێویستە خۆت زیاتر ماندووتر بکەیت، ئەگینا بەرەو رووی کێشە و گرفت دەبیتەوە. هەوڵی ئەو کەست لەبەرچاو بێت کاتێك ویستی یارمەتیت بدات. بە ئاگادارییەوە هاوڕێکانت هەڵبژێرە، دەرفەتێکی سۆزداریت دێتە پێش، سوودی لێ وەربگرە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

کارەکانت رووبەڕووی کێشە و گرفت بوونەتەوە و ئەو کاتەی پێویستت بە یارمەتییە، رێگەی کەسانی دیکە بدە لێت نزیك ببنەوە و کاتەکانت لە دەست مەدە. لەگەڵ کەسێکدا کۆکن و کێشەتان نییە، ئەو سەرکەوتنەی بەدەستی دەهێنیت زۆر شتت بۆ روون دەکاتەوە، بزانە چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا دەکەیت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

یارمەتیدانی کەسانی دیکە چ لە هەنگاوەکانت کەم ناکاتەوە، بەڵکو پێوەندییەکانت زیاتر و باشتر دەکات. ئەو ماوەیە پێویستت بە کەسێکە و ئەویش خەریکە تۆی لە دەست دەچێت و هەوڵبدە بیگەڕێنیتەوە. هەڵسوکەوتت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت باشتر بکە و دەم بەخەندە بە، گەشبین بە و داهاتووت سەرکەوتنە لەو کارە تازەیەتدا.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

هەنگاوە لەناکاوەکانت بۆتە جێگەی گومانی دەوروبەرت، دەبێ بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، ئارەزووتە لەم ماوەیەدا بە ئەنجامی کارە کۆنەکەت بگەیت، بەڵام ماوەیەکی دیکەی دەوێت و ئارام بگرە. هەوڵبدە کارێکی نوێ بدۆزیتەوە کە داهاتت باشتر بکات.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کارەکانت بە جوانی جێبەجێ دەکەیت و تەنیا ئەوە نەبێ کەسێك دژایەتیت دەکات و دەیەوێ خۆی لە تۆ بەرزتر نیشان بدات، رێگەی مەدە و رووبەڕووی ببەوە. رێگەیەکی راستت گرتووە لە مامەڵە کردن لەگەڵ کەسانی نزیکت و یارمەتییان بدە تا لەیەکتر جیا نەبنەوە و هاوسۆزیش بن.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لە کەسانی دیکە توورە مەبە و پێویستە ئارامیت پێوە دیار بێت. هەر هەنگاوێکت لە داهاتوودا بەرەو باشی رێگە دەگرێت و متمانەت بە خۆت هەبێت و خەریکی ئەو کارانەت ببە تا بە ئەنجامیان دەگەیەنیت. گرنگی بە خێزانەکەت بدەو ئەوانت لە کەسانی دیکە پێی گرنگتر بێت.